# دوو دیدار لەگەڵ حەسەن زیرەک

ئەنوەری سوڵتانی

حەسەن زیرەک دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و چوونی بۆ سەر ڕادیۆ کوردی تاران و کرماشان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا، هاتووچۆی بۆکانی نەبڕایەوە و لە گەلێک دەرفەتدا دەهاتەوە بۆکان و دەچووە گوندی زەمبیل بۆماڵی سەیدی زەمبیل و عەلیشا و سەید ئەنوەر و سەید عومەری کوڕانی شێخ. درەنگتریش کە لە ڕادیۆ بێزرا و هاتە دەر، ڕووی کردەوە بۆکان و مەهاباد و شنۆ و بانە و ئینجا لە بۆکان سەر نایەوە. لەو ماوەیەدا لێرەو لەوێ حەسەن زیرەکم گەلێک جار بینی، بەڵام دوو دیداریان ڕاستەو خۆ و لە نزیکەوە بوو و تێیاندا پێکەوە قسەمان کرد.

یەکەم دیدار لە تاران بوو. حەسەن زیرەک لە دووکانی کاکم هەندێک ڕادیۆ و زەبت و کەرەسەی ماڵی بەقەرز کڕیبوو. وەک کەسایەتی، کەسێکی گەلێک دەست بلاو بوو هیچ گوێی نەدەدایە پارە وپووڵ، لێرە شتی بەقەرز وەردەگرت و لەولاتر ئەگەر کەسێک داوای لێ بکردایە، بە خۆڕایی دەیدایە!

ماڵم لەتاران بوو، کاکم گوتی بچۆ بۆ ڕادیۆی کوردی و بە حەسەن زیرەک بڵێ فلانە پارەم لەلایەتی با بیداتەوە بەتۆ. وابزانم 100- 200 تمەنێک دەبوو.

چوومە بەردەرگای وەزارەتی ئیتیلاعات و ڕادیۆی ئەودەم لە مەیدانی ئەرکی تاران. لە بەر دەرگاکە گوتم کارم بە فلانە کەسە لە بەشی کوردی. تەلەفونیان بۆکرد. گوتی ڕاوەستێت تا بۆخۆم دێم. ڕاوەستام. هات. سلاوم کرد، ئەحواڵی پرسیم و ئەحواڵی کاکم. گوتم بۆ قەرزی کاکم هاتووم. زۆر بە ڕوخۆشی و زمان خۆشی گوتی سلاوی کاکت بگەیێنە و بڵێ وا کتێبی ژیانی خۆم نووسیوە وبڕیارە چاپ بکرێت، هەر ئەوەندەی چاپ بێت، هەمووی دەفرۆشرێت، ئینجا قەرزی خەڵک و لەپێش هەموویاندا هی کاکتی پێ دەدەمەوە! گیرفانم پڕ بوو وگەڕامە دواوە.

دیداری دووهەم: هاوینێکیان لەگەڵ کاک ئەحمەدی سامبەگی و برادەرێکی خۆشەویستی خزمی خۆم بە ترومبیل چووین بۆ بانە، پرسیاری مەیخانەکەی حەسەن زیرەکمان کرد گوتیان بچنە فلانە گوند و لە فلانە شوێن لابدەن، دەیدۆزنەوە. چووین لەوێ نەبوو، گوتیان لێرە نەماوە و چۆتە فلانە ناوچە، چووینە ئەوێ ودرەنگانێک بە تاریکی گەیشتینێ.

دەشتاییەکی تەخت، چرایەکی کەم شەوق، سێ چوار مێزی شکاو و کورسی لەمێز شکاوتر، ئاگرێکی خەڵوز و حەسەن زیرەک خۆی! لەگەڵ ئەحمەد گاڵتەوگەپی خۆش بوو هەندێک جنێویان بەیەکتر دا و پاشان لە دەوری مێزێک داینیاین. هاتەلامان دانیشت. گوتی چی دەخۆن، شتێکمان گوت. کەس نەبوو کاری بۆبکات، هەر خۆی بوو. کە خواردنەکەی ئامادە کرد وهێنای، گوتی داوای لێبووردنتان لێدەکەم، تکایە پێم مەڵێن گۆرانی بڵێم، ئەوانەی دەوری ئەو مێزەی ئەولاوە هەموو ژاندرمەن، ڕقی دنیام لێیانە، زۆریان بۆهێناوم گۆرانی بڵێم، گوتوومە نەخۆشم و سەرمام بووە دەنگم دەرنایەت، لای ئەوان با بەدرۆ نەکەومەوە.

عارەقێک خورا، هەندێک قسە کرا، هەدێکیش جنێو درا، ئینجا گەڕاینەوە بۆ بانە.

ئەوەی دیتم لە باوەڕی کەسدا نەبوو. ئەو هونەرمەندە هەژارە لەو بیابانە بێ پەنا وپەستیوە، شەو تا بەرەبەیان لەبەردەمی خەڵکانی لاپرەسەنی وەک ژاندرمەی ئێرانی- کە ماوەیەکی زۆر نەبوو لە شەڕی خەباتکارانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکڕاتی کوردستان گەڕابوونەوە و ماندووییان لەوێ دەحەساندەوە، هەلسووڕێت، گورگ وقەل ودالێش نەیخۆن! ئەمە چێیە؟ دەیەوێت بژیوێک پەیدابکات و نانێک بخوات. هونەرمەند بوونەکەی هیچ، ئەو کارەی من دیتم بۆ مرۆڤێکی ئاساییش سووکایەتی بوو! بەڵام ئەو خۆی هەڵبیژاردبوو لەبەر ئەوەی خۆی گوتەنی نەیدەویست چیتر "دەنگی مرۆڤی کورد ببیسێت"

یادی ئەو مەزڵومییەتە بەخێر بێت!